# هاجەر بانگەواز بۆ ئیسلام دەکات

محمد جميل زينۆ

وەرگێرانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هاجەر بانگەواز بۆ ئیسلام دەكات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

لەپاش ئەوەی هاجەر موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، شەو و ڕۆژی دەخستە سەریەك و بەشێوەیەكی جوست وچالاك خەریكی بڵاوكردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو، ئەو دەیزانی ئێستا پەیامەكەی بریتیە لە تێكۆشان لەپێناو خوای گەورە و گەیاندنی بانگەوازی ڕیبازە پیرۆزەكەی بە ئەمریكیەكان، ئەوانەی كە بێ ئاگان لە هەقیقەت وڕاستیەكانی ئیسلام، ئەوانەی لە لایەن دوژمنانی ئەم دینەوە وێنە جوانەكانی ئیسلامیان لا شێوێنراوە .

ئیسلام گۆڕانكاریەكی ڕیشەیی لە هاجەردا دروست كرد، دوای ئەوەی ئەو وەك هەر كیژێكی تری ئەمریكی بێ باك لەدین وئاین ژیانی دەگوزەراند، بەڵام ئێستا پابەندە بە بنەما وڕێنوماییەكانی ئیسلام، وەك خۆی دەڵێت : من ئێستا ئامانجم ئەوەیە لە پێناو خوای گەورەدا تێبكۆشم و بەرەنگاری سەرمایەداری و خراپەكاری ویاخی بووان ببمەوە، دوای هەموو ئەزمونەكانم بۆم روون بویەوە كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام تاكە ڕێگای سەرفرازی مرۆڤایەتیە لە مەترسیەكانی جەنگ وماڵ وێرانی و برسیەتی و تیاچوون .

وە كاتێك پرسیار كرا لە هاجەر، لەبەرچی بەدیاریكراوی ئیسلام ڕێگای سەرفرازی مرۆڤایەتیە؟ لە وەڵامدا ووتی : ئیسلام تاكە ئاینێكە كە چارەسەریەكان دەست نیشان دەكات بۆ تەواوی كێشە كۆمەڵایەتی و ڕامیاریە هاوچەرخەكان، ئیسلام یاسا وڕێسای گشتگیری ژیانە، بەشێوەیەكی وا هاوكێشەی نێوان داواكاریەكانی ڕۆح و جەستەی ڕاگرتووە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە كەموكورتیەكی تێدا دروست ببێت، لە ئیسلامدا وەڵامی زۆر ڕوونم بۆ تەواوی ئەو پرسیارە فەلسەفیانە دۆزیەوە كە ماوەیەكی زۆر بوو تووشی دڵەڕاوكی و ڕاڕاییان كردبووم .

هاجەر كاتێك باسی ئیسلامت بۆ دەكات هەست بە ڕاستگۆیی دەكەیت لە ووتەكانیادا، ئەو زۆر هۆشمەندانە قسە دەكات، هەندێك جار بەدەستەواژە ئیسلامیەكان و بەزمانی عەرەبی بۆت دەدوێت، لەهەموو حاڵەتەكانیشدا زۆر باش تێدەگات كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام یاسا وڕێسای گشتگیری ژیانە، نەك بە تەنها ئاینی عیبادەت و پەرستنەكان.

جیهاد وتیكۆشان لە دیدی هاجەردا لە گرنگترین ڕێنومابییەكانی ئیسلامە، بەتایبەتی بۆ حاڵی ئێستای موسڵمانان .

هەر لەو كاتەوە هاجەر موسڵمان بوو، شێوازی ژیانی خۆی گۆڕی، پۆشاكی شەرعی لەبەر كرد، پێنج نوێژە فەرزەكەی لەكاتی خۆیدا ئەنجام دەدا، زۆریش خۆی ماندوو كرد تاوەكو هەندێك لە قورئانی پیرۆز لەبەر بكات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە جوانی نوێژەكانی ئەنجام بدات .

شتێكی سروشتیە كە ڕووبەڕووی هەندێك لە كۆسپ و لەمپەریش ببێتەوە لەگەڵ هاوڕێ و كەسوكارەكەیدا، بەڵام هاجەری خۆڕاگر و موسڵمان وەك خۆی دەڵێت : زۆرم پێخۆشە لەپێناو بیروباوەڕەكەمدا دووچاری ناڕەحەتیەكانی ژیان دەبمەوە، چونكە كارێكی لەو شێوەیە شایانی هەڵوەستە لەسەر كردنە لای پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار، چونكە زۆریك لە موسڵمانانی پێشین لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە دووچاری ئەشكەنجە و لێدان بوونەوە، منیش هیچ باكم نیە و هیچم بەلاوە گرنگ نیە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەبێت .

شاینی باسە چالاكیەكانی هاجەر تەنها لایەنی ئاینی نەگرتوەتەوەو بەڵكو ئەو چالاكوانێكی سیاسیشە، باوەڕی تەواوی هەیە بە مافە ڕەواكانی گەلی موسڵمانی فەلەستین، هەر لەم پێناوەشەدا هەمیشە خەریكی كۆڕ و كۆبونەوەیە لەسەر ئەو زوڵم وستەمانەی كە لەو گەلە ستەم دیدەیە دەكرێت .

بەڕاستی ئەم كیژە دیاردەیەكی كەم وێنەیە، كیژێكی ئەمریكی سپی پێست ببێت بە بانگخوازێكی ئیسلامی، داكۆكی وبەرگری بكات لە كێشە ڕەواكانی گەلانی موسڵمان لە كۆمەڵگەیەكدا كە زۆر كەم گوێ دەگرن بۆ غەیری خۆیان، بەڵام ئەم ئافرەتە موسڵمانە ماندوو نابێت و بێ تاقەتی ڕووی تێ ناكات ..

پەیامەکەشی بۆ تەواوی گەلانی ئیسلامی بە گشتی و عەرەبی بە تایبەتی ئەوەیە، ئێوە بوون کە پەیامی ڕزگاریتان هێنا بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لاوازی و سارد بوونەوە ڕوتان تێ نەکات لە وەستانەوە بەرامبەر داگیرکارانی خاك و وولآتانی ئیسلامی، بەتایبەتی بەرامبەر داگیرکاری زایۆنی وهاوپەیمانەکانی ...

خوای گەورە هەمووومان بکات بە ئەداتی قەدەری خێر بۆ خزمەتکردنی دین وژینی گەلانی موسڵمان ..

سەرچاوە : پەرتوکی : تکريم الإسلام للمرأة
نوسینی : شێخ محمد جميل زینۆ